# بانکی پرسیار

## بابەت / مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاست ۲۰۲۲-۲۰۲۳ (سمستەری یەکەم)

- واتای زاراوەکان

**( Jarls- – Synods – Danegeld – count – Marquis )**

**( Saga – north men – Danelaw – Missi dominici)**

- پێناسەکان :

۱- بەربەری (**Barbarian**) . ۲- یاسای سالی (**Salian law**). ۳- پەیماننامەی ڤێردان. ٤- شەری لیچفێلد . ٥- پەیماننامەی کالییە . ٦- سیمۆنیزم . ۷- بەخششی کوستەنتین (هبة قسطنطين) .۸- شەری ئاجینکور . ۹- رێکەوتننامەی سانت کلێر .

- بۆشایی :

۱- ...........،........... بەشێکن لە گەلە جێرمانیە رۆژهەڵاتیەکان .

۲- ................ بە دامەزرێنەری راستەقینەی شانشینی فەرەنگەکان دادەنرێت.

۳- گۆتەکان و واندالەکان بوونە مەسیحی لەسەر ئاینزای ........... .

٤- کارۆلینگیەکان لەسالی ۷٥١ز و لەسەردەمی .................. توانیان میرۆڤینگیەکان لە دەسەلات بخەن و خۆیان بکەنە فەرمانڕەوای شانشینی فەرەنگە.

٥- دۆکیەی نۆرماندیا بە گوێرەی رێکەوتننامەی سانت کلێر لە سالی ........ لەلایەن ........ درا بە وایکینگەکانی ناو فەرەنسا.

٦- ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پیرۆز سالی ....... لە شانشینەوە بووە ئیمپراتۆریەت لەلایەن ............ کە بوە یەکەم ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریەتەکە.

۷- ............ یەکەم کەس بوو کە سەردەمە مێژووییەکانی بۆ سەدەمی کۆن و ناوەراست و نوێ دابەشکرد.

۸- فەرەنگەکان لە سێ خێلّی سەرەکی پێکدەهاتن ......... و ......... و ................ .

۹- کارۆلینگیەکان لەسالی ۷٥١ز و لەسەردەمی .............. توانیان میرۆڤینگیەکان لە دەسەلات بخەن و خۆیان بکەنە فەرمانڕەوای شانشینی فەرەنگە.

١٠- نيشتمانی رەسەنی ساكسۆنەكان بريتيە لە .............. .
١١- توخمە پێكهێنەرەكانی ژيارو شارستانيەتی ئەورووپای سەدەكانی ناوەراست بريتيە لە ........ و ........ و ......... .
١٢- ....... ,.......,....... بەشێكن لە گەلانی جێرمانی رۆژئاوايی
١٣- فەرهەنگەكان لە سێ خێلی سەرەكی پێكدەهاتن كە بريتين لە ........, .....,..........
١٤- شانشينی ميرۆڤينگی لەسەردەمی كلۆتيردا لە ٤ هەرێمی سەرەكی پێكدەهات كە بريتين لە ......,......,......,.......
١٥- چارل مارتل لە شەری ........ لە سالی .......... توانی سەركەويت بەسەر موسڵمانەكاندا لە رۆژئاوای فەرەنسا و تيكيان بشكێنێ.
١٦- لە بەمەسی

- كورتەيەك لەسەر رۆلی قارەمانێتی كچە پاكيزەی فەرەنسی (جان دراك) لە جەنگی سەد ساڵەدا بنووسە.
- يەكێك لە كارە گرنگەكانی شارلمان لەسەردەمی خۆيدا دروستكردنی مارك بوو لە سنورەكاندا. ئامانجی لە دروستكردنی ئەوماركانە چی بوو؟
- ئۆتۆی دووەمی ئيمپراتۆری ئەلمانيا لە ٩٨٠ هيرشی كردەسەر باشووری ئيتاليا بۆ دوو مەبەست. بيانووسە.
- ململانێی شاجۆنی دووەم و بارۆنەكان بە (ماگنا كارتا) كۆتايی هات. لەم بارەوە كورتەيەك لەسەر ماگناكارتا و گرنگيەكەی بنووسە.
- باسی شانشينی واندالەكان بكە لەسەردەمی گاسريك .
- پالنەرەكانی دەستنيشانكردنی شارلمان وەك ئيمپراتور لەلايەن كليسای رۆژئاەواوە چی بوو ؟
- لە دوای كلوڤس شانشينی ميرۆڤينگی لە نێوان كورەكانيدا دابەشكرا بەڵام ئەم دابەشكاريە نەبووە هۆە لەناوچوون و لاوازبوونی شانشينی ميرۆڤينگی هۆكارەكەی چی بوو ؟

- بیبنی سێیەم (بچوک) لە سالی ٧٥١ز توانی کۆتایی بە فەرمانڕەوایی بنەماڵەی میرۆڤینگیەکان لە میژوودا بهێنیت، لەسەر ئەمە بە کورتی بدوێ .
- هۆکارەکانی هەلوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی کارۆلینگی .
- گەلالەنامەی ماگنا کارتا و ڕۆلی لە ژیانی سیاسی و پێشخستنی فەرمانڕەوایی لە ولاتی ئینگلتەرا بخەروو.
- پاپا گریگۆری حەوتەم و ڕۆلی لە چاکسازیەکانی کلیسا لە ئەوروپا لەسەدەکانی ناوەراست جیگای بایەخە لەم بارەوە کورتەیەك لەسەر هەولەکانی لەم ڕەوەوە بنووسە.
- ململانێی کلیساو دەولەت لە سەدەکانی ناوەراست لە ئەوروپا لە دیارترین تایبەتمەندیەکانی مێژووی ئەو دوو لایەنەیە لەم بارەوە کورتەیەك بنووسە.
- ئەو ڕاو بۆچونانە بخەرە ڕوو کە دەستنیشانی دەستپێکی سەردەمی ناوەراست دەکەن لە ئەوروپا و کام بۆچونیان لای تۆ زیاتر پە سەندە.
- دادگاکانی پشنکنینی لە ئەوروپا دەزگایەکی دادوەریی ئایینی سەر بە کلیسا بوو کە ڕۆلی نەرێنی هەبوو لە ژیانی ئایینی، ئەم دەزگایە چۆن دامەزرا و لەچ سەردەمیك و لە کامە ولاتی ئەوروپا زیاتر چالاکی هەبوو؟
- هۆکارەکانی جەنگی ١٠٠ سالەی نیوان بەریتانیا و فەرەنسا چی بوون؟
- قۆناغەکانی جەنگی سەد سالە و ڕوداوە گرنگەکانی بنووسە.
- پاپا گریگۆری حەوتەم بناسێنەو باس لە ڕۆل و پێگەی ناوبراو بکە لە کلیسای مەسیحی کاتۆلیکی و چاکسازیەکانی لە نێو کلیسادا چی بوو کە جەختی لێ دەکردەوە؟
- ئەو بنەامو ژێرخانە سیاسی و ئاینیە شرۆڤە بکە کە ئەڵمانەکان بۆ دامەزرادنی دەوڵەتەکەیان لەسەدەی ١٠ز یەوە وەك دوو میکانیزم و ئامرازی گرنگ بەکاریانهێنا بۆ بنیات نانی ئیمپرتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز.
- بوژانەوەی کارۆلینگی یاخود ڕێنسانسی کارۆلینگی لە چ سەردەمێکدا بوو؟ لە چ بوارێکدا ڕەنگی دابوەوەو کاریگەری تا چ ئەندازەیەك لەسەر بارودۆخی دەولەتی کارۆلینگی هەبوو؟

- لە بارەی قارەمانیتی کچە پاکیزەی فەرەنسی (جان دراك) و رۆڵی لە رووبەرووبونەوەی ئینگلیزەکان لە جەنگی سەد ساڵەدا بنووسە.
- راڤەی مێژوونووسی ئینگلیزی (ئیدوارد گیبۆن) سەبارەت بە هۆکارەکانی روخانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی بنووسە.
- ئەو سێ خاڵە گرنگەی کە پاپا گریگۆری حەوتەم () بەمەبەستی چاکسازی لە کلێسادا جەختی لێدەکردەوە و ناوەرۆکی چاکسازی کلۆنی پیشان ئەدات چی بوون؟
- سیاسەت و ستراتیژیەتی ئۆتۆی یەکەم ٩٣٦-٩٧٣ز چی بوو سەبارەت بە ئەڵمانیا و چۆن دەیویست ئەو ئامانج و سترتیژیەتە بهێنیتە دی؟
- ململانێی شاجۆنی دووەم و بارۆنەکان بە (ماگنا کارتا) کۆتایی هات. لەم بارەوە کورتەیەك لەسەر ماگناکارتا و گرنگیەکەی بنووسە.
- سیستەمی سیاسی و فەرمانرەوایی لە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پیرۆز چۆن بوو؟ لەسەر چ بنەمایەك بوو کە جیای دەکردەوە لە سیستەمی فەرمانرەوایی فەرەنگەکان؟

**پ١: أ/** پێناسەی تەنها (٣) لەمانەی خوارەوە بکە :

١- (بەربەری/ **barbarian**) . ٢- گاسریك. ٣- پەیماننامەی ڤێردان ٤- شەری لیچفیلد . ٥- رێکەوتننامەی سانت کلێر .

**ب/** واتای (٣) لەم زاراوانەی خوارەوە بنووسە :

**( Burgwarde – Danegeld – vik –Viscount)**

**پ٢: أ/** رێکەوتی ٤ لەم روداوانەی خوارەوە بنووسە :

١٧- کۆتایی سەردەمی وایکینگەکان لە ئەوروپا.
١٨- رێکەوتنامەی سانت کلێر.
١٩- بوونی ئۆتۆی یەکەم بە ئیمپراتور.
٢٠- شەری شالۆن .
٢١- کۆتایی هاتن و کەوتنی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی .
٢٢- شەری پواتیە (بلاط الشهداء).

**ب/** لەسەر یەکێك لەم کەسایەتیانە و رۆڵی مێژوویيان بدوێ :

١- کلۆڤس
٢- شارل مارتل
٣- پاپا گریگۆری حەوتەم

**پ٣:** تەنها یەك دانەیان وەلام بدەوە :

١- سیاسەتی دەرەوەی ئیمپراتۆری ئەڵمانی ( کۆنرادی دووەم) ١٠٢٤-١٠٣٩ز .

٢- شارلمان چەندین یەکەی کارگیری نوێی لە سنورەکانی ئیمپراتۆریەتەکەی دامەزراند بە ناوی (مارك)، ئامانج چی بوو لە دامەزراندنی ئەم مارکانە ؟

**پ٤: أ/** تەنها یەك دانەیان وەڵام بدەرەوە :

١- هۆکارەکانی کۆچکردنی گەلانی وایکینگی (ئەسکەندناڤیەکان) و پەلامارەکانیان لەسەدەکانی ناوەراستدا بۆ ئەوروپا بخە ڕوو.

٢- هۆکارەکانی جەنگی سەد ساڵەی نیوان فەرەنسا و ئینگلتەرا.

**ب-** راڤەی ئابووری سەبارەت بە هۆکاری رووخان و لێکهەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی .